# خەڵات یان خێر ودەستگیرۆیی؟

مەهاباد قەرەداغی

بەیانێک لە لایەن خەبات عارف ، بەرۆژ ئاکرەیی و فەرهاد شاکە لی دەرچوو کە گوایە ئەو ستیپێندیۆمەی کە لە سوێد بە نووسەران دەدرێت خەڵات نییە و دەستگیرۆییە ، دوابەدوای ئەوانیش کەسانێکی تر وەک خێر و سەدەقە ناویان برد. بەیانەکە لە کاتێکدا بوو کە دوو هەواڵی لەم بابەتە ،سەبارەت بە وەرگرتنی ستیپێندیۆم لەکوردستان نێتەوە بڵاوبووەوە کە یەکێکیان بۆ کاک فەهمی کاکەیی و ئەویتریان بۆ من بوو.

بەڵێ من ستیپێندیۆمێکی بەنرخم وەرگرتووە، ستیپێندیۆمەکە ناوی پونکت ستیپێندئیۆمە و سەرچاوەکەشی یەکێتی نووسەرانی سوێدە کە ئەندامم تێیدا. ئەم ستیپێندیۆمەش مافی ئەو نووسەرانەیە کە کتێبیان لە کتێبخانەگشتییەکاندا هەیە لە وڵاتی سوێددا. لەو نامەیەدا کە هەواڵی ستیپێندۆمەکەم پێدراوە پیرۆزباییم لێ کراوە کە ئەو ستیپێندیۆمەم پێ بەخشراوە. بە هەر حاڵ ئەگەر کەسانێک پێیان وابێت ئەمە خێرە یان سەدەقەیە بە ئێمە دەکرێت ئەوە کێشەی خۆیانە ، ستیپێندیۆم مانای پاداشت یان بەخشش دەگرێتەوە.

سەیرە نووسەرێ لە لایەن پەخشخانەی گەڕەکێکی شاری ستۆکهۆڵمەوە 3500 کرۆنی سوێدی بە خەڵات وەردەگرێت و بۆ خۆی بەشانازییەوە باسی دەکات، بەڵام ستیپێندیۆمێک کە سەرچاوەکەی یەکێتی نووسەرانی سوێدە و نرخەکەی زیاتر لە سەد ئەوەندە بێت بە دەستگیرۆیی بیژمێرێت.

بۆ ئەو خوێنەرەش کە پاشکۆیەکی بۆ بەیانەکەی فەرهاد شاکە لی دەرکرد و لە سایتەکاندا بڵاوی کردەوە و لەوێدا ئاواتەخوازی سکانداڵە بۆ ئێمە و پێی وایە لە پڕێ بووینەتە کوڕێ، با دڵنیا بێت کە مەسەلەکە وا نییە و دیارە بەڕێزی لە پڕێکدا بووە بە خوێنەر، دەنا دەیزانی هەر یەک لەو نووسەرانەی کە ئەو دەیەوێ ناویان بزڕێنێ خاوەنی دەیان کتێبن و من کە ئەزموون و تەمەنم زۆر لەو دوو نووسەرە بەڕێزەی دی کەمتریشە 25 ساڵە لەم گۆڕەپانەدام و ئەم کتێبانەش بەرهەمی بیست و پێنج ساڵن. بۆ ئەوەی ئەو بێباوەڕییەی برەوێتەوە و پێی وا نەبێت فێڵی لێکراوە، ئەوە بەرگی هەندێک لەو کتێبانە ، کە چەند دانەیەکیان چاپی دووەم کراوەتەوە. هیوادارم بهێڵن خەریکی کار و پرۆژەکانمان بین و بەو نووسین و وەڵامە لابەلاییانە خەریک نەکرێین. چونکە لەم کاتە چارەنووسسازەدا کە بۆ کورد لە ئارادایە پێویستە خۆمان بۆ پرۆژەی مرۆڤانە ، ئاشتیخوازانە و ژیاندۆستانە خەریک بکەین، نەک بریندارکردن و شکاندنەوەی یەکتر.




کچ
نانی زەهراوی
پانۆراما
شیعر
هەناسەی گەردوونە